


20686

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

هەر کاتێک بمانەوێت چاوێک بە مێژووی ئەو گەردونە دابخشێنین، دەبینین هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە، تاکەکان هەوڵی ئەوەیان داوە ڕووداو و پەیامەکانیان یاداشت بکەن و بیگەیێننە ئەو شوێن و کەسانەی، کە مەبەستیان بووە، ئیتر هەر سەردەمەو بە جۆرێک تۆمار کراون و لەڕێگەی ئەوپەیوەندییەی، کە لە نێوانیاندا هەبووە گوێزراونەتەوە، بەردەوام گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیووە. ئەمڕۆش زۆرێک لە یاداشتەکانیان لە مۆزەخانەکان بە گرنگیەوە هەڵگیراون.

بێگومان، نامە و نوسینەکان دەرخەری ڕووە ڕاستەقینەی کەسەکانن و بەهۆیانەوە زیاتر لە دیوە شاراوەکانیان تێدەگەین، چونکە لە قوڵایی دڵیانەوە هەڵقوڵاون و گوزارشت لە ناخ و ژیانی تایبەتیان دەکەن.

ئەگەر سەردەمی ئێستا لەگەڵ چەند سەددەیەکی پێشووتر بەراورد بکەین، دەبین گۆڕانکاری یەکجار گەورە ڕوێانداوە، بەجۆرێک ئێستا جیهان وەکو شارێکی بچووکی لێهاتووە. مرۆڤەکان بە کاتێکی کەم دەتوانن زۆرترین پەیام و نوسراویان بنێرنە ئەوپەڕی دنیاوە، هەروەها بەهۆی

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بوونی تەکنەلۆژیای سەردەم زۆر بە ئاسانی دەتوانین نوسراو پەیامەکانمان بە پارێزراوی بهێلینەوە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کە نامە نوسین و پەیام ناردن لە نێوان تاکەکان و سەرکردەو کاربەدەستان و ڕۆشنبیر و ئەدیبان هەر لە دێرزەمانەوە شتێکی باو بووە، بەڵام شێوازەکانیان بەپێی سەردەمەکان گۆڕاون.

زۆر جار ئەو نامانە گۆڕان و وەچەرخانیان بەدواوە هاتووە، هەندێکیان بەهۆی گرنگییانەوە لەناو لاپەرەکانی میژوو تۆمارکراون و تا هەتایە بە زیندووی دەمێننەوە، وە کاریگەریشیان بەردەوام بەسەر مرۆڤانی دوای خۆییاندا هەبووە.

ئەگەر بەوردی بە دوای نامەو یاداشتەکان بگەڕێین ڕەنگە سەدان و هەزاران نوسراو و پەیامی زۆر گرنگ هەبووبن بەڵام بەهۆکارە سروشتی و مرۆییەکانەوە لەنێوچوون و بوونیان نەماوە. یان تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە یاخود ئاشکرانەکراون.

لەم کتێبەدا ویستوومە هەندێک پەیام و نوسراوی کەسایەتیە جیهانیەکان کۆبکەمەوە و وەریان بگێڕمە سەر زمانی کوردی، چونکە هەموو نوسینێک سودێکی دەبێت. ئەمڕۆ یا سبەی لە سود و گرنگی ئەو نوسراوانە تێدەگەین.

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

هەر نوسراوێک ئەمانەتێکی مێژووییە، بۆیە منیش هەوڵمداوە دەقەکان وەک خۆیان بگەینم و کەمترین گۆڕانکاری لە وشەو دەستەواژەکان بکەم، زۆر بە وردیش نوسینەکانم وەرگێراونەتە سەر زمانی کوردی وە ئەوانەشی، کە بە کوردی دەستم کەوتوون و پێشتر کەسانێتر کردوویانەتە کوردی پێداچوونەوە و بەراوردی وردم لەگەڵ دەقە ئینگلیزی و عەرەبیەکان پێکردوون بۆ ئەوەی تێکستەکان بە پڕمانایەوە بگاتە دەست خوێنەران، لە کۆتایی کتێبەکەش هەندێ نامەم وەک خۆی داناون، بەو هیوایەم بەم کتێبە سودێک بە میللەتەکەم و خوێنەران بگەیەنم و گۆشەیەکی بچووک لە کتێبخانەی کوردی پربکەمەوە و پێشکەشی هەموو ئەوکەسانەی بکەم، کە سەربەخۆ خوازن و کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن....

ڕێبین خالص نادر

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library